# یاسای ژماره (      ) ی ساڵی (      )
# پێشنیازە یاسای پاراستنی مافی ئاژەڵان

## بەشی یەکەم
## پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی یەکەم: پێناسە**

مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

سێیەم: وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوبەرایەتی گشتی ڤێترنەری هەرێم.

پێنجەم: بەڕێوبەرایەتی پەناگەی ئاژەڵان: شوێنی تایبەت بەپاراستن و چاودێری ئاژەڵان.

شەشەم: ئاژەڵی ماڵی: ئەو ئاژەڵانەی لەماڵەکان و شوێنە گشتیەکان بەخێودەکرێن.

حەوتەم: ئاژەڵی بێ پەناگە: ئەو ئاژەڵانەی لەسەر شەقام و شوێنەگشتیەکانن و خاوەندارێتییان نیە.

هەشتەم: ناسنامە: ناسنامەی تایبەت بە ئاژەڵان.

نۆیەم: مۆڵەت: مۆڵەتی بەخێوکردنی ئاژەڵان.

**ماددەی دووەم: ئامانج**

١- پاراستن و چاودێری و چاککردنی ژیانی ئاژەڵە ماڵی و بێ پەناگەکانی وەك(سەگ و گوێدرێژ و پشیلە)لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

٢- پاراستنی ژیان و تەندروستی مرۆڤ لە توشبون بەنەخۆشییە(گواستراوەکان) و گەستنی لەلایەن ئاژەڵانەوە.

## بەشی دووەم

**ماددەی سێیەم:**

١- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار, هەڵدەسێ بە دروستکردنی پەناگەی شیاو, لەهەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٢- بەریوبەرایەتی گشتی ڤێترنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو. لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق, هەڵدەسن بەدامەزراندنی بەڕێوبەرایەتیەك بەناوی(بەڕێوبەرایەتی پەناگەی ئاژەڵان)بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی پەناگەکان. کەلە کارمەندانی کارگێری و پزیشکانی ڤێترنەری پێکدێن.

**ماددەی چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی پەناگە**

١- هەڵدەستن بەلە خۆگرتنی سەرجەم ئاژەڵە بێ پەناگەکانی وەك: (سەگ و گوێدرێژ و پشیلە).

٢- ئەرکی پاراستن و چاودێری وردی تەندروستی و ژیانیان دەگرنە ئەستۆ.

٣- بەپشت بەستن بەتوێژنەوە و بەڵگەی زانستی، هەڵدەسن بەرێگریکردن لە زۆربونیان، لە ڕێگەی نەشتەرگەی، بەجۆرێك نەبێتە هۆی لە ناوچونیان یان کەم بونەوەیان بەجۆرێك کە مەترسی لەناوچونیان لەسەر دروست نەکا.

٤- هەڵدەسن بەتۆمارکردن و ڕێکخستنی ناسنامەی ئاژەڵان.

٥- بەدواداچون و هەڵسەنگاندن دەکا، بۆڕەوشی تەندروستی و ژیانی ئەو ئاژەڵانەی کە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، خراونەتە ئەستۆی کەسەکانەوە بۆبەخێوکردن.

**ماددەی پێنجەم:**

١- سەرجەم ئەو ئاژەڵانەی لە پەناگەکەدا کۆدەکرێنەوە، تۆماردەکرێن و ناو و کۆدیان پێ دەدرێت.

٢- ناسنامە بۆئەو ئاژەڵانە دروست دەکرێ، کەلەلایەن هەرکەسێکەوە خاوەندارێتی لێ بکرێت، وە ناو و کۆدی ئاژەڵەکە و زانیاری کەسەکەی لەسەر داغڵ دەکرێت. (تایبەت بەپێدانی ناسنامە و مۆڵەتی بەخێوکردنی ئاژەڵان، وەزارەتی پەیوەندیدار ڕێنمایی پێویست دەردەکا).

٣- ئەو کەسانە ئاژەڵان بەخێودەکەن، دوای جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، پێویستە سەردانی بەڕێوبەرایەتی پەناگە بکەن، بەمەبەستی تۆمارکردن و دروست کردنی ناسنامە بۆئاژەڵەکانیان و وەرگرتنی ڕێنماییەکانی تایبەت بەماف و پاراستنی ئاژەڵان.

٤- هەرکەسێك ناسنامەی بەخێوکردنی ئاژەڵانی هەبێ، دەتوانێ ئاژەڵەکەی لەپەناگەی ئاژەڵان دابنێ، لەکاتی گەشت کردن بۆ دەرەوەی وڵات یان نەخۆشی بۆماوەیەکی کاتی.

**ماددەی شەشەم:**

تاکەکان یان ڕێکخراوە ناحکومیە ژینگەیی و ئاژەڵپارێزییەکان، مافی چاودێری و بەدواداچوون و سەردانی کردنی پەناگەکان و ئەو شوێنانەیان هەیە کە ئاژەڵانی لێ بەخێو دەکرێ. وە مافی بەرزکردنەوەی سکاڵایان هەیە لە دژی ئەو کەس و لایەنانە، کە حوکمەکانی ئەم یاسایە پێشێل دەکەن.

## بەشی سێیەم

**ماددەی حەوتەم:**

١- هەموو شێوازەکانی زیانگەیاندن بەئاژەڵان قەدەغەیە وەك: سووکایەتی یان ڕاوەدونان یان ئازاردان یان بریندارکردن یان بەشەڕدان یان دەرخواردانی ژەهر یان ماددەی ناتەندروست یان خنکاندن بەهەڵواسین یان لە ئاو یان شلەیەکی تر یان سوتاندن یان ڕاگرتنی لەشوێنی خراپ یان بەستنەوەی یان پیاکێشان بەئۆتۆمبێل(بە ئەنقەست) یان هەرجۆرە مامەڵەیەکی خراپ هەمو ئەمانە بەتاوان دژ بەژینگە و سروشت دادەنرێت و سزای هەیە.

٢- بازرگانی کردن بە ئاژەڵانی(سەگ و گوێدرێژ و پشیلە)قەدەغەیە و سزای هەیە.

٣- فرۆشتن و بازرگانی کردن بە هەمو جۆرە دەرمانێك, کەبۆ لەناو بردنی ئاژەڵان بەکاردەهێنرێ, قەدەغەیە و سزای هەیە.

## بەشی چوارەم
## حوکمە سزایەکان

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** بۆ بەڕێوبەر یان ڕێپێدراوەکەی هەیە, لە کاتی بوونی کەموو کورتی یان پێشێل کردن ماف و خراپی دۆخی ئاژەڵان هەرکەس و لایەنێك ئاگاداربکاتەوە, بەچاککردنی دۆخی ئاژەڵەکە و ئاسایی کردنەوەی لە ماوەی دە ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنی بە ئاگاداریەکە, و لەحاڵەتی مل نەدان, بەڕێوبەر بۆی هەیە مۆڵەتی بەخێوکردنی ئاژەڵەکە هەڵبوەشێنێتەوە, وە ئاژەڵەکە دەخرێتە پەناگەی ئاژەڵان.

**دووەم:** سەرپێچی کەری حوکمەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی کەبەپێی ئەوە دەرکراون, بە بەندکردن سزادەدرێن, بۆ ماوەیەك لە مانگێك کەمتر نەبێت و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت یان بە غەرامەیەك لە(٢,٠٠٠,٠٠٠)دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە(١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت, یان بە هەردوو سزاکان سزا دەدرێت.

**سێیەم:** لە هەرجارێك سەرپێچیەکە دووبارە بکرێتەوە سزاکە دوو بەرامبەر دەکرێتەوە.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە کۆتایی یەکان

**ماددەی نۆیەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ جێ بە جێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی دەیەم:**

سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە هەڵدەسێ بەدەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بۆ ئەو ئاژەڵانەی لەباخچەکانی ئاژەڵاندا سودیان لێ وەردەگیرێت، وە ئەو ئاژەڵانەی کە بازرگانییان پێوە دەکرێ.

**ماددەی یانزەیەم:**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی دوانزەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدرەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی سیانزەیەم:**

ئەم یاسایە لەمێژوی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقائعی کوردستان)دا جێ بە جێ دەکرێ.

## هۆکارەکانی دەرچواندن

بە مەبەستی پاراستنی ژیانی ئاژەڵانی ماڵی بێ پەناگە و بێ شوێن، کەدەچنە چوارچێوەی یەکێك لەڕەگەزە زیندووەکانی ژینگە. لە هەر زیان گەیاندنێکی مرۆیی یان سروشتی، وە لە بەر نەبوونی دەقێکی یاسایی ڕوون و تایبەت بە پاراستن و چاودێری و چاککردنی دۆخی ژیانیان، وە لەبەر ئەوەی دەستدرێژیەکان بۆ سەر گیان و ژیانی ئەو ئاژەڵانە لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیاد بوونە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.